پەرلەمانتارێکی کورد: دەنگدان لەسەر "بودجە" دەروازەیەکە بە کۆتاییهێنان بە قەیرانی مووچەی کوردستان

ئەمە دووشەممە، دارا حەمە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر پارێزگای سلێمانی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی گشتی فیدرالی بە دەروازەیەک زانی بە کۆتاییهێنان بە قەیرانی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.

حەمە لە لەدوانیکیدا بە "موتەعە"ی ڕایگەیاند، "دانوستاندن و گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم بەردەوامە بە کۆتاییهێنان بە قەیرانی مووچە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەنگدانی پەرلەمان لەسەر یاسای بودجە دەروازە و کلیلی ناردنی مووچەیە بە فەرمانبەرانی کوردستان و کۆتاییهێنان بە قەیرانی دواکەوتنی پەدانی مووچە".